# میدیای ئازاد لەکوردستاندا، لەژێر ئابڵوقەدایە

**لڤین: ئەیوب بارزانی**

میدیای ئازاد لەکوردستاندا -عێراق- گلەیی‌و گازەندەی خۆی دەنگدلێرانە هەڵدەبڕێت، لەکاتێکداو بەردەوام چەکوشی دەسەڵاتی حیزب ئەم دەنگەدلێرانە دەکوتێت، دەیەوێت لە گەردنی ڕۆژنامەوانانی سەربەخۆ بدات، لەکاتێکدا دەنگی ڕۆژنامەی ئازاد دژی دیاردەی گەندەڵیی تەشەنەسەندوو بەرنامە بۆ داڕێژراوی دەسەڵاتەو بەشمەینەتیی شەقامی کوردیی دەخاتە پێشچاوان. هەربۆیە ئەو داخ لە دڵییەی میدیای ئازاد لە بابەتە ڕۆژانە گەرموگوڕەکاندا ڕەنگی داوەتەوە کە ڕووبەڕووی ڕێکخراوە بەرگریکارەکان دەبێتەوە لە ئازادیی ڕادەربڕین‌و لەڕێگەی کۆڕوکۆبوونەوە نێودەوڵەتییەکان‌و ڕای گشتیی کوردستانییەوە بەرپاکراوە بەئامانجی فشارخستنە سەر دەسەڵاتدارانی هەرێم‌و ملکەچکردنیان بۆ پابەندبوون بە پێودانەگەکانی ئازادی ڕادەبڕین‌و بڵاوکردنەوە، بەمدواییە لەسەرەتای ١٩ی سێپتێمبەری ئەمساڵەوە بزووتنەوەی گۆڕان هەڵمەتێکی جەماوەریی بەرپاکرد بەئامانجی بەرهەڵستیکردنی ئەو ڕێوشوێنانەی کە ئازادیی ڕادەربڕین کۆتوبەند دەکەن. لێرەدا دوو بەرە دروست دەبن: بەرەیەک لە میدیای ئازادو بزووتنەوەی گۆڕان لەبەرامبەر بەرەی دووەم کە لە دەسەڵاتدارانی حیزبیی هەرێمدا خۆی دەبینێتەوە کە تۆمەتبارن بە پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤ‌و گەندەڵیی‌و بەرتەسککردنەوەی ڕووبەری ئازادییەکان‌و دواخستن‌و سستی نواندن لە دۆزینەوەی بکوژی ڕۆژنامەنووسان. لەبەرامبەریشدا بەرپرسێکی پایەبڵندی پارتی دیموکراتی کوردستان چەند داوایەکی یاسایی دژ بە ڕۆژنامەی هاوڵاتی، ئاوێنە، گۆڤاری لڤین، ڕۆژنامە، ڕێگامەگەزین‌و فشار، لەگەڵ لیستێک قەرەبووی دارایی بەشێوەیەکی خەیاڵیی پێش ئەوەی لەلایەن دادگاوە بسەلمێنرێت.

ئاشکرایە سەرجەم ڕۆژنامەو گۆڤارە "یاخیبووەکان" لە دیدی سەرکردایەتی پارتیدا، لە شاری سلێمانی لەنگەریان گرتووە، کە چارەنووسی جیاوازە لە چارەنووسی شاری هەولێر، وەختێک ئەم شارە لەلایەن سەددامەوە ڕادەستی سەرۆکی پارتیی خرا لەڕێگەی پەلاماری دەبابەکانی ڕژێمەوە لە هاوینی ساڵی ١٩٩٦و، سەرۆکی پارتیی هانای بۆ ڕژێم بردو داوای لێکرد فریای بکەوێت. هەر لەو ڕۆژەوە نێوبراو دەسەڵاتی خۆی بەهێز دەکات‌و دەیسەپێنێت بەسەر گشت جومگەکانی ژیانی فەرهەنگیی‌و ئابووریی‌و ئەمنیی‌و دارایی‌و دادوەریی شاری هەولێردا. ئاشکرایە میدیا لەو دوو شارە نێوبراوەدا بەپێی ئارەزوو ویستو بەرژەوەندیی بەرپرسانی پارتیی هەڵدەسوڕێت، ئەو فەرمانبەرانەی کە لە بواری ڕۆژنامەوانیدا کاردەکەن لە لایەن سەرکردایەتیی پارتییەوە دەستگیرۆیی دەکرێن‌و ڕێزیان لێدەگیرێت، ئەوانەی کە ڕێز لە هێڵە سوورەکانی پارتیی دەگرن کە بەخۆیان بۆیان دیاریی کردوون، ئیدی ئەوانیش فێری گوێڕایەڵیی‌و ملکەچیی هاتوون‌و کاریگەریشی لەسەر مووچەو ئیمتیازاتی مادیی‌و مانەوە لە کارەکانیاندا هەیە.

بێگومان ئەو هەڵمەتو میکانیزمە توندەی کە بەرپرسانی پارتیی بەرامبەر بە میدیای ئازادو هێزە ئۆپۆزیسیۆنەکان بە جیاوازیی تەوژمەکانییانەوە بەرپایانکردووە، لەو "ترس"ەوە سەرچاوەی گرتووە کە لە ناخی بژاردەی دەسەڵاتداراندایەو بە بەردەوامیی پێوەی دەتلێنەوە، هەمو ئەو تاوانانەی کە لەهەرێمی کوردستاندا لەلایەن پارتییەوە ئەنجامدراون کە دەیەیەکە دەسەڵاتیان گرتۆتە دەست بریتییە لە کوشتنی دەیان کەس بە بێ دادگایی کردن‌و دیارییەنەکردنی چارەنووسیان بۆ کەسوکارەکانیان، پێشێلکردنی مافەکانی مرۆڤو جەزرەبەدان لە گرتووخانەکاندا، دەستگرتن بەسەر زەویی‌و زاران‌و سامانی گشتیی‌و مامەڵەکردن پێوەی، هەنووکە فایلی تێرۆرکراوان بە هەڵپەسێردراوی ماوەتەوەو، ساختەکاریی بەرفراوان لەهەڵبژاردنەکانداو، سەرانەو بەرتیل‌و گەندەڵکردنی کۆمەڵگە، ڕێزنەگرتن لە پرەنسیپەکانی دیموکراسیی‌و نەبوونی شەفافیەتو هەڵاتن لە سزای یاسایی لەلایەن ئەندامانی خانەوادەی دەسەڵاتدارو دەستوپێوەندەکانیانەوەو، لەمپەر دروستکردن لەبەردەم پیادەکردنی دیموکراسیی لە پەرلەمانی هەرێمی کوردستاندا... هتد، هەموو ئەمانە خەوی دەسەڵاتدارانی کوردی زڕاندووەو



زەندەقیان چووە لەوەی پەلکێشی دادگا بکرێن. پەرچە کردارەکانیان هستریایانەیەو هەڵوێستەکانیان لە دەبەنگیو لووتبەرزییەوە سەرچاوەی گرتووە، ئەمەش لە هەڵسوکەوتی ترسنۆکان دەچێت کە لە کەسایەتییەکی جەربەزەدا خۆی دەنوێنێت کە سەرنەوی ناکات.

ئەگەر پرۆسەی ترساندنی میدیای ئازادو بزووتنەوەی گۆڕان سەرکەوتن وەدەست بهێنێت، ئەوا ئەو هێزانە شکستدەهێنن لەوەی بە ئەرکی نیشتیمانیی خۆیان هەستن ئەمەش کارەساتە بۆ ئازادیی رادەربڕینو کۆی ژیانی دیموکراسیی لە هەرێمی کوردستاندا. بەداخەوە ئەو هەرەشەو گورەشانە کاریگەیی کردۆتەسەر هێندێک لەو رۆژنامانە، وەختێک میدیای ئازاد بنەمای "چاودێری زاتیی" تەبەننی دەکات وەک ئەوەی لەژێر سایەی سیستەمە دیکتاتۆرەکاندا هەیە، دەچێتە قۆناغی سازشکاریی کە لەگەڵ ئازادیی رادەربڕیندا دژانەیە.

هاوڵاتیانی (قەزای مێرگەسوور)و (هاوینەهەواری سەڵاحەدینو پایەتەختەکەی سەری رەش) لە بارودۆخێکی پڕ لەمەینەتیدانو بە نێوچەی موحەرڕەمە دادەنرێن، لەلایەن تاقە خێزانێکەوە دەستی بەسەردا گیراوە، رووبەری ئەم نێوچەیە ١٥ جاران گەورەترە لە رووبەری هۆنگ کۆنگو پێنج جاران لە دەوڵەتی بەحرەینو سێ جاران لە سەنگافورە. هاکا ئەم نێوچانە بە یەکجاریی بەرووی خەڵکدا داخران، هەمدیسان بێدەنگییەکی ترسناک هەیە لەبەرامبەر هەلومەرجی ئەو نێوچانەو جموجۆڵی دیموکراتیانەو، هەروەها جموجۆڵی ئۆپۆزیسیۆن دژ بە گەندەڵی دەسەلات لە دڵی ئەو نێوچانەدا بەتایبەت بارزانو هاوینەهەواری سەڵاحەدین، وێڕای ئاگادارکردنەوەی میدیای ئازاد بە زانیاریو پێشێلکارییو بەشمەینەتیی هاوڵاتیانی ئەو نێوچانە، وەلێ هەتا بتوانن خۆیانی لێ بەدوور دەگرن یاخود لەترسان فەرامۆشی دەکەن. مێرگەسوورو بارزانو هاوینەهەواری سەڵاحەدینو سەری رەش نێوچەگەلێکن یاسای هەرێمو دەستووری عێراقیی دەیانگرێتەوە کەچی هاوڵاتیانو دانیشتوانی ئەو نێوچانە بەوشێوەیە دووچاری ستەمو چەوساندنەوە بوونەتەوە، ئەمە بابەتێکە پەیوەستە بە کرۆکی مافەکانی مرۆڤو ئازادیی بیرکردنەوەو رادەربڕین ئەوەی یاساکانی هەرێمو دەستووری عێراقییو یاساو پەیماننامە نێودەوڵەتییەکانەوە، سەرکردایەتی پارتیی لەو نێوچانەدا دەسەڵاتی تەواوی هەیەو داواش لە خەڵکانی تر دەکات ملکەچ بکەنو سەرنەوی بکەنو کۆتوبەندی سەپاندووە. ئەمەش بەمانای پاشەکشە دێت لە رای ئازاد بەمەبەستی رازیی کردنی لایەنێک کە هەرگیز رێز لە پرەنسیپەکانی دیموکراسیی ناگرێتو لەگشت رووەکانەوە لە کوردستانو دەرەوەشدا میسداقییەتی نەماوە، ئەم راستییەش باش دەزانێتو هیچی لەبەردەمدا نەماوە جگە لە دان جیرکردنەوە - راکردن بەرەو پێشەوە.

پێویستە پەرلەمانی کوردستانو ئەنجومەنی نوێنەرانی عێراقو ئۆپۆزیسیۆنو میدیای ئەهلی ئازادو رێکخراوەکانی کۆمەڵگەی مەدەنیی روو لەو نێوچانە بکەنو لە بەشمەینەتیی هاوڵاتیانی پایەتختی هەرێمو ئاستی ستەمو چەوساندنەوەو تونددەماریی بکۆڵنەوە کە لە لایەن ئەو خێزانە خۆسەپێنەوە کە لە پەنجەی دەست تێناپەڕن بەڕێوەدەبرێنو، یاسایی بوونی پرۆسەکانی بەرگرتنو دەستبەرسەرداگرتنی ئەو نێوچانەوەو داگیرکردنیان وەک موڵکو ماڵی خۆیان.

## هەنووکە راگەیاندن لەکوردستاندا دووچاری جەنگێکی دژانەو دوژمنکارانە بۆتەوە لەلایەن دەسەڵاتی حیزبیی لەهەولێر ئەمەش جەنگێکی چارەنووسسازە بەنیسبەت ئایندەی گەلەکەمانەوە

هیچ گومانی تێدانییە ئەگەر ستەمو فشارەکانی دەسەڵاتی دیکتاتۆریی رووی لە هەڵکشانکرد، لەبەرامبەردا پێویستە جورئەتی بەرگریی روو لە ترۆپک بکات، هەر سازشێک چەندیش گچکە بێت دەکاتە سازشێکی گەورەو خەتەرناکو دەسەڵاتی دیکتاتۆریی بەهێز دەکاتو تەمەن درێژی دەکات. لێرەدا خۆمان لەبەردەم دوو ئەگەردا دەبینینەوە: یان ئەوەتا پیشەی میدیا بگۆڕین بۆ ئەرکێکی نیشتیمانیی شەرەفمەندانە یاخود بیکەین بە پیشەیەکی بازرگانیی کە ئامانج لێی پارەو خۆشگوزەرانیی بێت!

هەلومەرجی ئەو چەند رۆژنامەو گۆڤارە ئازادە لەژێر ترسو بیمو غەرامەدایە، ئەمەش راگەیاندنی جەنگە دژ بەهەڵکشانی میدیای ئازاد لەدەرێی ئۆتۆکراتیەتو نیپۆتیزمی سەرکردایەتی پارتیی، یەکەم ئەمانج لەمە تۆقاندنی خاوەنەکانیانەو دواتریش ملکەچکردنیانە بەدەم چەورکردن یاخود پتر تۆقاندیان. تاکو هەولێرو بادینان لەرێگەی ئەو سزا سەپێنراوانەی بەسەر سلێمانیدا دراوە بیر لە بەرفراوانکردنی ئازادی رادەربڕین نەکەنەوە. پارتیی دەیەوێت سلێمانیی شوێن پێی میدیای هەولێر هەڵبگرێت، بەهیچ کلۆجێک قبوڵی ناکات دهۆکو هەولێر وەک سلێمانییان لێبێت.!

هەنووکە راگەیاندن لە کوردستاندا دووچاری جەنگێکی دژانەو دوژمنکارانە بۆتەوە لەلایەن دەسەڵاتی حیزبیی لەهەولێر ئەمەش جەنگێکی چارەنووسسازە بەنیسبەت ئایندەی گەلەکەمانەوە.

ئەو کۆمەڵگانەی گیرۆدەی سیستەمی دیکتاتۆریی بوون پێویستییان بە میدیاو راگەیاندنی ئازادو دەنگدلێرو بەتوانایە بەرگریی بەرپابکات لەگشت حاڵەتەکاندا بەئامانجی پاراستنی کەرامەت گەلەکەمانو ئایندەی نەوەکانی داهاتوومان، هەڵسوکەوتو ئەدای سەرکردایەتی باڵای پارتیی لە هەولێرو دهۆک کوێرانەیەو ئیدیعاو گریانی بەسەر دیموکراسییو یاساسەروەرییدا جێی بڕوای هیچ کەسێک نییە، ئەو راپۆرتەی کە دادگای سەر بە سەرۆکی پارتیی بڵاویکردۆتەوە لەبارەی تیرۆرکردنی رۆژنامەنووسو خوێندکاری زانکۆ سەردەشت عوسمان، نێوەندگەلێکی بەرفراوانی لە گەلی کورد هاروژاندو خرۆشاندو، دژی ئەو سیناریۆ چەواشەکارییە دەنگیان بڵندکرد کە لێوانرێژە لە چەواشەو فێڵو فەرەجو هیچ کەسێکیش بڕوای پێناکات.